# کرێکاری بیانی و ئابووری کوردستان

هەڤاڵ نەژاد



بێگومان زوربەمان ڕۆژانە لەسەر شەقامو شوێنە گشتی یەکان کرێکاری بیانی دەبینین, کەسەرقاڵی خزمەتکردنو خاوێن کردنەوەی شەقامو شوێنە گشتی یەکانن, کەلە ولاَتانی جیاجیاوە لەڕێگەی کۆمپانیای دۆزینەوەی کارەوە هاتوون بۆ کارکردن لەکوردستانو لە نێرو مێ (کچو کوڕ) پێك هاتوون, نێرەکان (کوڕەکان) کاری خاوێن کردنەوەی شەقامو شوێنە گشتی یەکان دەکەنو بەزۆریش مێ کان(کچەکان) لەماڵە دەوڵەمەندەکان کاری خزمەتکاری دەکەن. تائێرە وەك پێشەکیەك بەسە بۆ دەستپێکی ئەم نوسینە کەهەوڵ دەدەم خوێندنەوەیەکی ئابووریانە بکەم بۆ ناونیشانی ئەم نووسینەو سودو زیانی کرێکاری بیانی لەکوردستان و کاریگەری لەسەر ئابووری کوردستان دیاری بکەمو بەشێوەیەکی ئابووریانە لێی بدوێم.

فریدریك باستیا(1801–1850)ی فەڕەنسی کەبیرمەندێکی بەناوبانگی هزری ئابوری سیاسیە, ئەوە ڕوون دەکاتەوە لەبواری ئابوریدا کردارێك, نەریتێك, یاسایەك نیە کەتەنها یەك دەرئەنجامی هەبێت, بەڵکو زنجیرەیەك دەرئەنجامی لێدەکەوێتەوە, بەشێوەیەکی باشتر ئەتوانین ئەوە بڵێین کە لەکرداری ئابوری تەنها یەك ڕوو نیە بەڵکو چەند ڕوویەك هەیە, لە کرداری ئابووریدا هاو کێشەیەك هەیە تایبەت بەو ڕووانە, ئەویش ( ئەوەی دەبینرێت ئەوەی کەنابینرێت). منیش لەڕووی ئەو هاوکێشەیەی فریدریك باستیاوە لە بوونی کرێکاری بیانی لەکوردستان بەهەردوو ڕووەکەی ,ئەوەی دەبینرێتو ئەوەی نابینرێت , دەدوێمو هەوڵ دەدەم بەشێوەیەکی ئابووریانە سودو زیانەکانی شی بکەمەوە.

بێگومـان ئـەو کرێکارانـە کـەهاتوون لەکوردسـتان کـار دەکـەن, خزمـەت دەکـەن و شـەقامەکان و شـوێنە گـشتی یـەکان خـاوێن دەکەنـەوەو لەماڵـە دەوڵەمەنـدەکان کـار دەکەن و خزمەتی کوردستان دەکەن و شارەکانمان لە خەوش و خۆڵ پاك دەکەنـەوەو ناهێڵن پیس بێت, واتـە شارەکانمان جوان دەکەن و بەپاکردنـەوەی شـەقام و شـوێنە گشتی یەکان دیمـەنێکی جوانتر دەبەخشن بەشارو تاڕادەیـەك ژینگـەی دەوروبـەرمان لە پاشەڕۆی بەکارهێنراوەکانمان و زیانەکانیان پاك دەکەنەوەو دەمانپارێزن لە ڕووی تەندروستیەوە, تائێرە سوودی هاتنی ئەو کرێکارە بیانیانەمان بینی, واتە ئەوەی کە دەبینرێت. بەڵام ئـەوەی کـەنابینریت ئەوەیە ئەو کرێکارانـە سـاڵانە چـەندەها ملیـۆن دۆلار لـە سـەرمایەو داهـاتی کۆمـەڵگای کوردسـتان دەبەنـە دەرەوە, ئەمـە لەکاتێکـدا خۆمان هەزاران گەنجی بێکارمان هەیەو ئەوان هاتوون لەجیاتی بیَ کارەکانی خۆمـان کاردەکـەن و سـاڵانە چـەندین ملیـۆن دۆلار لـەداهات و سـەرمایەی کوردسـتان دەبەنـە دەرەوە واتـە وڵاتـانی خۆیـان, لەکاتێکـدا کوردسـتان خـۆی زۆر پێویـستی بەوەیـە کەئەو سەرمایە لەناوخۆدا بمێنێتەوەو مامەڵەی پێوە بکرێت و نەچێتە دەرەوە,چۆن ؟ زۆر ئاشـکرایە ئـەو کرێکـارە بینیانـەی لەکوردسـتان کـار دەکـەن بۆئـەوە نـەهاتوون کەلێرە بژین و ئەو پارەیـەی دەستیان دەکەوێت لێرە خـەرجی بکـەن, بەڵکو هـاتوون لێرە کاردەکەن و ئەو پارەیەی دەستیان دەکەوێت ڕەوانەی وڵاتانی خۆیان دەکەنـەوە, بۆئەم راستیەش بەڵگەی ناویَ چونکە ئەو کرێکارانە مانگانە نزیکەی دووسەت دۆلار وەردەگرن, کەبەدڵنیاییەوە بەشیان ناکات ئەگـەر سـەرفی بکـەن و نـاتوانن دوو ژوری پیَ بەکریَ بگرن چ جای ئـەوەی بەتـەواوی پێـی بژین, جگە لـەوەش ئەو کرێکارانـە شوێنی حەوانەوەیان و خواردنیان لەلایەن حکومەت و کۆمپانیاکانەوە بۆدابین کـراوە, بۆیە بەدڵنیاییـەوە ئەتوانین ئەو ڕاستیە بێژین کـە ئـەو کرێکارانـە هـاتوون لێـرە پـارە پەیدا دەکەن و ئابووری وڵاتانی خۆیانی پیَ دەبوژێننەوەو زیان بە ئابوری کوردستان دەگەیـەنن, چـۆن ؟ بۆنمونـە وای دابنـێین هـەزار کرێکـاری بیـانی لەکوردسـتان کاردەکـەن و مانگانـە دووسـەت دۆلار وەردەگـرن, کـۆی هـەمویان مانگانـە دەکاتـە دووسەت هەزار دۆلارو لە ساڵێکدا دەکاتە دووملیۆن و چوارسەت هەزار دۆلار, ئەگەر ئەو کرێکارانە چەند ساڵێك بمێننەوە ئەوا چەند قات ئەو پارەیە زیـاد دەکـات, واتـە لەسـاڵیکدا دوو ملیۆن و چوارسـەت هـەزار دۆلار پـارەی کوردستان دەچێتە دەرەوەو ئابووری وڵاتـانی ئـەو کرێکارانـەی پیَ دەبوژێتەوە, کەلـەویَ دۆلار زۆر بەقیمـەت تـرە لێرەو زۆر کاریگەری دەبیَ لەسەر داهات و جموجۆڵی ئابوریان, لەکاتێکدا ئەو ژمارە

کرێکارەی لەو نمونەیەدا باسم کرد لەڕاستیدا زۆر زیاتر لەو ژمارەیە لەکوردستاندا کاردەکەن, واتە سالانە زۆر زیاتر لە دوو ملیۆن و چوارسەد هەزار دۆلار دەچێتە دەرەوەی کوردستان و بەمەش زیانێکی زۆر لەئابووری کوردستان دەکەوێ و ئەو پارە زۆرەی لەکیس دەچێ و بەدڵنیاییەوە کاریگەری دەبێ لەسەر جموجوڵی بازرگانی و داهاتی تاکی کۆمەڵگەی کوردستان, تەنانەت ئەگەر کەمیش بێت, بۆسەلماندنی ئەم راستی یەش پێچەوانەی ئەونمونەیەی سەرەوە وەردەگرین. ئەگەر لەجیاتی ئەو هەزار کرێکارە بیانی یە هەزار کرێکاری خۆماڵی دابمەزرێنین ئەوا ئەو دوو ملیۆن و چوارسەد هەزار دۆلارە هەر لەناوخۆدا دەمێنێتەوەو دەخرێتەوە ناو جموجوڵی ئابوری , بەشێوەیەکی ئاسانتر ئەتوانین بێژین ئەوکرێکارانە مانگانە دووسەت دۆلار وەردەگرن و هەرلەناوخۆ خەرجی دەکەن, یان ڕوونتر بڵێن ئەو هەزار کرێکارە مانگانە یەکی دووسەت دۆلار وەردەگرن, بەمەش ئابوری هەزار خێزان دەبوژێتەوەو ئەو هەزار خێزانە ئەو دووسەت دۆلارە لەبازار خەرج دەکەن, بەمەش بازار دەبوژێتەوەو گەرو تینی پێ دەبەخشێ و داهاتی هەزار دوکاندار, یان پێشکەش کەری هەرخزمەتگوزاریەکی تری پێ دەبوژێتەوە, بێگومان ئەمە بۆ هەرە زۆرتریش لەو ژمارەیەی لەنمونەکەدا ئاماژەمان پێداوە هەر ڕاستە. واتە سەرەنجام وەك ئەڵقەیەك ئەو پارەیە دەگەڕێتەوە ناو داهات و سەرمایەی نیشتمانی و جارێکی تر بەگەڕ دەخرێ و جموجوڵی ئابووری ناوخۆی پێ بەهێز دەکرێت و ئابوری وڵاتی پێ دەبوژێنێتەوە. تائێرە ئەوەبوو کەنابینرێ واتە ئەو زیانەی لەئابووری کوردستان دەکەوێ بەهۆی بوونی ئەو کرێکارانەوە لەکوردستان دا. هەربۆیە لێرەدا پێویستە ئەوە بپرسین کامیان باشترن, ئەو پارەیە لەناو خۆی وڵات بمێنێتەوەو ئابوری ناوخۆی پێ بەهێز بکرێ یان بچێتە دەرەوەو زیان لەئابوری وڵات بدات؟؟ بۆوەڵامی ئەو پرسیارە, ئەتوانین جیاوازی ئەوەی دەبینرێت و ئەوەی نابینرێت بەئاشکرا ببینین و بڕیاری دروستی لەبارەوە بدەین کە وابزانم پێویسیت ناکات من باشترەکەیان هەڵبژێرم, چونکە جیاوازیەکەیان هێندە ئاشکرایە مرۆڤ زۆر بەئاسانی دەتوانێت باشترەکەیان ببینێ و هەڵی بژێرێ.

پێش ئەوەی کۆتایش بەم نوسینە بێنم, ئەمەوێت وەڵامی دووپرسیار بدەمەوە کەبەدڵنیاییەوە هەندێك کەس دوای خوێندنەوەی ئەو دێرانەی سەرەوە لایان دروست دەبێ, یەکەم, ئەگەر کرێکاری بیانی خراپە چۆن وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەو هەموو پەناهەندەو کرێکارە وەردەگرن؟ ئەوی تریش ڕەنگە زۆر کەس بڵێن لەکوردستان

کەس بەو پارە کەمە واتە دووسەت دۆلار کارناکات و پێی ناژی؟. بۆ وەڵامی یەکەمیان پێویستە ئەو ڕاستی یە لەبەر چاو بگرین کە لەوڵاتانی ڕۆژئاوا داهاتی تاک زۆر بەرزەو هاولاتیانی خۆشیان نزیکەی هەمووی کاردەکات واتە بیٚ کاریان نیەو پێویستیان بەکرێکارە, بەپێچەوانەی کوردستان کە هەزاران بێ کارمان هەیەو چووین کرێکاری بیانیمان هێناوە. بۆوەڵامی دووەمیش, منیش ئەوە دەڵێم لەمڕودا مانگانە دووسەت دۆلار کەمە بۆ کرێکارێك لەکوردستان و پێم وایە ئەگەرئەو پارەیە دووقات بکرێت زۆر باشترە لەوەی کرێکاری بیانی بهێنرێت بەپارەی کەمتر کاربکات لەجیاتی کرێکاری خۆماڵی, چونکە هەروەك باسمان کرد ئەو کرێکارە بیانیە پارەکە دەباتە دەرەوەی کوردستان,بەڵام کرێکاری خۆماڵی پارەکە لەناوخۆ بەکاردەهێنێتەوە. واتە هەر بەپێی ئەو نمونەیەی سەرەوە ئەوهەزار کرێکارە بینانیە ساڵانە ئەو دووملیۆن و چوارسەت هەزار دۆلار دەبەنە دەرەوە,بەڵام ئەگەر بۆ هەزار کرێکاری خۆماڵی ئەو پارەیە بکرێتە دووقات واتە ساڵانەچوار ملیۆن و هەشت سەت هەزار دۆلار ئەوا هێشتا باشترە, چونکە دواجار ئەو پارەیە لەناوخۆ بەکاردێتەوەو ئابوری وڵات بەهێزتر دەکات.

Haval_zagros@yahoo.com